www.kurdistannet.org
19-2-2003 12:10

# كاديك و سياسەتی بەخۆدا چوونەوە

ڕێبین کەریم

بەدرێژایی مێژوو، گەلی کورد بەردەوام بووە لە شۆڕش و بەرخۆدان و لەم ڕێگایەشدا گەلێك قوربانی داوە، بەڵام سەرئەنجامی زۆربەیان بەشکست کۆتایی پێهاتووە، بێشك دوژمنان هەمیشە لە هەوڵی شکست پێهێنانی هەر شۆڕش و بزافێکی سیاسی کوردیدا بوون، هەر ئەوەیش لە دوژمن چاوەڕێ دەکرێت، بەڵام ئەوەی کە جێگەی ڕەخنەی توندە، ئەو هەڵەو کەم و کوڕیانەن کە لە خودی شۆڕش و بزافەکەدا هەن، زۆرجار ئۆباڵی شکست و سەرنەکەوتنەکانمان دەخەینە ئەستۆی دوژمنان و خۆیشمان لەو هەڵەو کەم و کوڕیانە دەپەڕێنینەوە، کە ڕۆڵێکی گرنگیان هەبووە لە شکستەکاندا.

پارتی کرێکاران لە باکوری کوردستاندا ڕۆڵێکی گرنگ و پڕ بایەخی گێڕاوە، لە بوژاندنەوەو بزواندنی هەستی نەتەوەییدا، وەلێ هەڵەی گەورەی ئەم پارتە لەوەدابوو، زیاد لە حەد، خۆیان گرێدابوو بە کەسایەتی ئاپۆوە ئەگەرچی نکوڵی لەوە ناکرێت کە ئاپۆ ڕۆڵێکی گرنگ و پڕ بایەخی هەبووە لە پێشخستنی ئەو پارتە و شۆڕشی گەلی کورد لە باکوری کوردستاندا، بەڵام خۆگرێدان بە کەسێکەوە، هەڵەیەکی گەورەیە و پارتی کرێکارانیش کەوتنە ئەو هەڵە گەورەیەوە و دوای دەستگیرکردنی عەبدوڵڵا ئۆج ئالان تەواوی سیاسەتی خۆیان گۆڕی و نەرمیی‌یەکی زۆریان نواند، لە بەرانبەر دەوڵەتی داگیرکەری تورك دا بەبێ ئەوەی دەوڵەتی تورك کەمترین گۆڕانکاری لە سیاسەتیدا بکات و نەرمی بنوێنێت لە بەرانبەر دۆزی کورد دا، ئەم سیاسەتەیان وایکرد تووشی ڕەخنەی توند ببنەوە، هەندێك لەوانەی پێشتر ڕەخنەی ئەوەیان لێدەگرتن کە باوی شۆڕشی چەکداری نەماوەو پێویستە بەتەواوی بەسیاسەتی خۆیاندا بچنەوەو گۆڕانکاری ریشەیی لە سیاسەتیاندا بکەن، دوای ئەو گۆڕانکارییانە کەوتنە ڕەخنەی ئەوەی کە سیاسەتێکی تەسلیم کارانەیان گرتووە، ئەو جۆرە ڕەخنانە خەڵکانێکی ئایدۆلۆژی بەمەبەستی تایبەتی دەیگرن نەك بەمەبەستی ئەوەی ئەو پارتە بەهەڵەکانی خۆیدا بچێتەوە.

ئەو پارتە گۆڕانکاری زۆری بەسەرخۆیدا هێنا، هەرلە گۆڕینی ناوی خۆیەوە تا دەگاتە گۆڕینی گوتاری سیاسی، ئەگەر گۆڕانکاری ببێتە مایەی سەرکەوتن جێگەی شانازیە خۆ ئەگەر ئەو گۆڕانکارییە نەك هەر سەرکەوتن، بەڵکو دووچاری پاشەکشەیان بکات ئەوا بێ شك مەترسییەکی گەورەیە بۆسەر ئەو بزافە، وەلێ بەخۆدا چونەوە ئەرکێکی گرنگە، لێدووانەکانی ئەم دواییانەی کادیك، دەری دەخات کە ئێستا لەقۆناخی بەخۆداچونەوەن و ئەو سیاسەتەیان کە لەدوای فڕاندنی ئاپۆ وە پەیڕەوی دەکەن پێویستی بەگۆڕانکاری‌یە، ئەوەی لەو گۆڕانکارییەدا گرنگە سیاسەتیانە بەرانبەر بەباشوری کوردستان، ئەوەی لەمڕۆدا پێویستە ئەوەیە کە سیاسەتێکی دروستیان هەبێ لە بەرانبەر باشوردا و هەوڵی ئەوەبدەن بیانویەك نەدەنە دەست دەوڵەتی داگیرکەری تورك، بەوبیانوانەوە لەشکرکێشە بکاتە سەر باشوری کوردستان لە وەها هەلوو مەرجێکدا کە ناوچەکە لە قۆناخێکی ناسکدایەو ئەگەری گۆڕانکاری لە ئارادایە.

## تێبینی کوردستان نێت:

مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیرو بۆ چونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونی (کوردستان نێت)ە، بەڵام بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەکەینەوە..... لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم ڕێگەیە.

ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسیتێکدا دەنووسرێت.......... 2003-1-15